# ژنێک بە پرچی سپییەوە

سارا سەردار

تەمی تەنیایی هەموو دەورووبەرمی تەنیوە
ماڵم بووەتەماڵی جاڵجاڵۆکەکان و
تۆڕەکەیان دەست و قاچمی قوماتە کردووە..
مێشکم ئاڵۆز و سەرقاڵی کاوێژە
دەمەوێت بە هەموو هێزم بڕشێمەوە ناو قووڵایی بیرم
سەرم دەخەمە سەر ئەژنۆم و
خۆم لە باوەش دەگرم
(وەک منداڵێک لە ناو سکی دایکی)
کیژۆڵەیەک لە ناخی من دەگری و
دەستی ئەزموونی ژیانی ژنێک
بە پرچی سپیشەوە ناتوانێت ژیری بکاتەوە..
گەردوون بۆم تەسکە،
وەک سوخمەیەکی کۆن دایدەکەنم و فڕێی دەدەم
هەڵدەستم
لەسەر پێم..
قەڵەمەکەم دەکەمە کەوگیرێک و
لە ناو مەنجەڵی کەللەسەرم
خواردنەکەم تێک دەدەم
نووسینەکانم
لاپەڕە لاپەڕە دەسووتێنم و
ئاگری ماڵەکەمی پێ خۆش دەکەم
ئێستا!
ماڵێک و
مەنجەڵێک و
کەللەسەرێکی سووتاو
هەموو میراتی منە لە ژنیەتی..

